# ناردني پێشمەرگە بۆ ناوە ڕاستی عیراق کارەساتە

# وەدەبێتە بەڵگەش لە دوا رۆژدا بۆ گەڕانەوەی سوپای مەرکەزی

**خەلیل نوری**

لە دوای سەفەرەکانی بۆ بەغدا بەرێز نێچیر بارزانی رایگەیاند * کە ریکەوتن بوە لە نیوانی سەرکردەی قەومی کورد لە عێراق وە حوکمەتی مەرکەزی. ئەگەر ئاغای مالکی بفەرمێ وە داوایان لێ بکات کە پێشمەرگە بنێرن بۆ ناوە ڕاستی عیراق ئەوە ئەوان ئامادەن بۆ ناردنیان بۆ هەندێک ئۆپراسیۆنی دیاریکراو ڕەوانەی هەندێک ناوچەی پێویستیان دەکەن .

سوپای هێزە هاو پیمانەکان لە گەڵ ئەو هەموو دەهۆڵوزوڕنا لێدانە وەهەیت و هووتە دیموکراتیی ئەو جا ئەو همو کارساتەیان خولقاند لە [ئەبوغرێب وە حەدیثەو بصرە وهتد ....]

جا دەبێ کردەوەی پێشمرگە چۆن بێت کە زۆربەی پیشمەرگەکان تا ئێستا وەڵامی بێسەرو شوێنی کەسوکاری ئەنفال کراویان نازانن وەهێشتا قەربووی ماڵ و ماڵاتی تاڵان کراویان نەکراوەتەوە ،هێشتا بۆنی کیمیاوی لە دێ روخاو و باخە سوتاوەکانیان دێت وە رۆژ نیە لاق و دەستی کەس و کاریان نەفڕێت بە هۆی تەقینەوەی مین و گولە تۆپە نەتەقیوەکانەوە ، ئەو هەمو کردەوە نالە بارانە ئەنجام درا لەلایەن خەڵکانێکی تاوان باری ئەو دەڤەرە وە وبەرپرسەکانی حاڵی حازر لە ژێر لێکۆڵینەون لە داد گا وە هەروها گوێمان لێیە وە دەبیینین چۆن پارێزەرکانی مافی شەخسی پرسیار ئاراستەی شایەت و شکات کەرەکان دەکەن کە کێ جینۆسایدی دەرهەقیان کرد کورد بوون یان عەرەب ئەوانەی دەرهەقیان کرا لە کورد زیاتر کەسیترلە قەومی تر لەگەڵیان هەبوو.

هەمومان نەک هەر پێشمەرگە زۆر چاک شیعاری **[تۆڵە بە سەبرە بەڵام بە زەبرە]** هەر لە گوێمان ومێشکمان دە زرنگێتەوە .

و ە تۆڵە کردنەوە بوەتە پارچەیەک لە کەلتوری کوردەواری نەک لە گەڵ دوژمنانی کورد بگرە لە گەڵ یەکتریش ، نمونە زۆرە کە لە ساڵەکانی نەوەت لە شەڕی نالەباری ناو خۆ ئەنجام درا وە تا دەگاتە شەڕە عەشایەرەیەکان .

سەر باری هەموویان ئەو هەموو جاش و مستشارو تاڵانچی و خۆفرۆش و مشەخورانەی کە خۆیان خزانە نا و پێشمرگەوە دواتر گەر بڵێن ئێستە وەکوو جاران نەماون بە پرۆسەی دیموکراتی و ئازادیدا ڕەت بوون وە ریز لە مافی مرۆڤ دەگرن بەڵام ماوەیەکی دور نیە کە چۆن تەقەیان کرد لە خۆ پیشان دەران وە هەروەها چۆن مامەڵەیان لە ناو ڕیزەکانی خۆیان کرد لەهەڵبژاردنەکەیان بڕوانە قسەکانی دلاوەری حاجی عوسمان.

ژمارە]NOV–01–2006 298[هاوڵاتی وژمارە29200 Nov–3026

کە چەندە فێری دیموکراتی ومافی مروڤ بون جا با بیهێنینە پێش چاومان چی روو دەدات لەو دەڤەرەی بۆی بچن لە نێوان ئەولایەنانە ئەو کوردە نەگبەتە کە زۆربەیان لە برسا ولەبەر بێ ئیشی بونە بە پێشمەرگە ، دەستیان ئەکەن بە خۆێنەوە و زۆربەشیان بە کارەسات لە ناو دەچن لە پێناوی سیاسەتی گلاوی امریکا وسیاسەتی چەوتوو چێڵی سەرۆکانی قەومی کورد و بەرژەوەندیەکانیان.

**وە دوای ئەوەی سوپای عێراق خۆی درووست دەکات لە سەر حسابی پێشمەرگە وهێزی پێشمەرگە دە پرووکێت ئەمجا دوور نیە شەڕی ( پککە) دەست پێ بکات وە تورکیا داوا بکات لە سوپای عێراق بەو کارە هەستێ وە ئەوجا نە پەرلەمان وە نە سەرانی قەومی کورد ئەتوانن بڵێن نابێ بێنە کوردستان.**

http://www.hawlati.com/12dvbghoo/content.asp?ContentId=2003*

2006-12-24---------